# هەر کازم ساهیر مابوو بیهێنە هەولێر .....

rzgarkochar@hotmail.com
**رزگار کۆچەر**

دوو ساڵە فەخری کەریم بە کەیف و میزاجی خوی خەڵك داوەتی هەولێر دەکات بەناوی فیستیڤالی المدای بە لێشاو پارە و پول لە گیرفانی سەرکردایەتی کورد دەردەهێنێت تا هەندێ چالاکی کرچ و کاڵمان پێشکەش بکات و خەڵکی گوناهوو تینوو بۆ ئازادی شاد بکات بە هەندێ ناوی دەهۆل لێدەرو زورنا لێدەری رۆژانی القادسیە کە پار ساڵ بینیمان ئەوانەی جاران بە سەدامیان دا هەڵدەگوت چۆن بە جلێکی کوردی سەقەت هەندێ مەنسول و وەزیرو مودیر عامیان لە هۆلی میدیای هەولێر هێنابووە چەپلە لێدان , کە لای من سەد لەم چۆرە چلاکیانە قرشێك ناهێنێت و هەستم نابزوێنێ , لەگەل ئەوەش تا ئێستا لە کوردستان خەلکانێك کە خۆیان بە دەم راست و خەڵکانی نزیك دەسەڵات ئەژمار دەکەن تەنها پێشنیار کە هەیان بێت خۆی لە ئەنجام دانی هەندێ چالاکی هونەری دەبینێتەوە کە لای ئەوان خەڵکی کوردستان تەنها گرفت کە هەیبێت خۆی لە گوێ نەگرتن لە گۆرانی و ئامادە نەبوونی کۆنسێرتە هونەریەکان دەبینێتەوە , تا هەر هیچ نەبێت بۆ ماوەیەك خۆی لە قەیرانە سەختەکانی ژیانی رۆژانە نەفام کات و ئازارو مەینەتیەکانی رۆژێکی گەرم وبێ کارەبای بە گوێ گرتن لە کازم ساهیر و ساعدون جابر بەسەر بەرێ , ئەگەر چی هەندێ لەم پێشنیارو پرۆژە بێ بەرنامانەی ئەم راوێژکارو خبیرو مەبیرانەی بواری هونەری لە کوردستان خەریکە خۆ دەنێتە نێو پرۆژەیەکی ئامادە کراو بۆ خزمەت کردنی دوژمانی گەلی کورد کەئەرکی هەموو نیشتیمان پەروەرێکە هەڵوەستەو قسەی لەسەر بکات , ئەگەر چی ساڵانێکە گەنج و مرۆڤی کورد لە میلۆدی و ئاوازە بێگانەکان رزگاریان بووە و گویچکەیان سەر لە نوێ لەگەل هونەری رەسەنی کوردی ئاشنا بۆتەوە بەلام جموجۆلی هەندی لەوانەی لەهەولی بەردەوامن بۆ پەلکیش کردنی هونەرمەندانی کورد بۆ ئاوازو میلۆدیە عەربیەکان خۆی لە مەترسیەکەی گەورەی دەبینیتەوە کە ئەوان لەم جۆرە مامەلەشیان رەچاوی گیرافانی خۆیان کردووە , لەگەل ئەوەش پێدەچێت خاوەن ئەم پرۆژە و پێشنیارە سەقەتانە تا ئێستا سودیان لە ئەزموون و فەشەلی ئەم برادەرە وەرنەگرتبێت کاتێك چوو بە فەردەیەك دۆلار ئیبراهیمی هێنا هەولێر و لە بەر چاوی هەمووشمان ئەو زاتە ئینکاری لە کورد بوونی خۆی کردوو و یەك دانە حسێبشی بۆ نەکردین , هەربۆیەش نەی توانی لە کۆنسێرتێك زێدە تر لە هەولێر ساز بکات کەلەوێش ئەوانەی چوو بوون ژمارەیەکی ئەوندە زۆر نەبوون , سەرەرای ئەوەش ئەوەی ئێستا هەولێری نەبینیبێت بە تایبەتی پاش دوو کردەوە تیرۆرستیەکەی ئەم دواییە وای بۆ دەچێت کە خەڵك لە شار تا پاش دوانزەی شەویش لە گۆرەپان و شەقەمەکان هەر خەریکی سەماو هەڵپەرین و گۆرانی گوتنن !!!!

باشتر وایە بۆ ئەونەی دیانەوێت قۆنتەراتی هێنانی کازم ساهیر لە ئەستۆ بگرن زوو رێزی پێشەوەی کورسیەکانی هۆلەکە بۆ خۆیان و هەموو وەزیرو نائیب وەزیرو مەنوسلەکان حجز کەن چونکە کە قازم هاتە هەولێر ئەوا دڵنیا بن گۆرانیەکی کوردی و عەرەبیمان بۆ دەڵێت بۆ بۆنەی جێ بەجێ کردنی مادەی 140 و دەست خۆشیش لە برا عەرەبەکانیشمان دەکات کە لە هەولێری پایتەخت نیشتە جێن بەهۆی پشتگیریان لە بریارە چارەنوس سازەکانی سەرکردایەتی کوردستان و دڵنیاشبن ئەو شەوەی کە قازم ساهیر دەێتە هەولێر وەك ئەو شەوەی لێدێت کە لە پێش نازە مۆل وایان کرد یەك سەنتمان پێنەمینێت تا هەموومان دەنگمان بە شەزا حەسونی کچی کۆنە سەفیری عێراق دا دوپاتمان کردەوە کە بەراست ئێمە عێراقین و عێراقچیاتی وعەربچیاتی هیچ عەیبی نیە ..... بۆیە پێشنیار دەکەم بۆ خاوەن پرۆژەی هێنانی قازم ساهیر ببورن کازم ساهیر کە چوو بۆ کۆنسیرتەکە ئاڵای عروبە و عێراقی بیر نەچێت تا هەرکە هەست و سۆزی هەڵسا ئەوا زوو ئالاکە لەمل قازم بکات ........